## حکومەت بەرپرسیارە لە دیاردەی تەزویرو پێشێل کاری لە کاتی هەڵبژاردن... باوکی بەهەند

وا پرۆسەی هەڵبژاردن نزیکەو پروپاگەندەکان دەستی پێ کردووە، لە لایەن چەند لیستێکی کوردستانی، لە ڕێگەی دەزگاو سایت و ڕۆژنامەکانەوە، وە مافی یاسایی هەموو پارتێکە کە دروشم و بەرنامەی خۆی بۆ کۆمەلانی خەڵك ڕوون بکاتەوە.
بەلام ئەوەی جێگەی داخە کە چەند جارێکە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن، زۆر دیاردەی نابەجێ و نامرۆڤانە ئەبیستین و ئەبینین لە دەڤەری هەردوو پارتی دەسەلاتدار، وەك تەزویرو ساختەکاری، خروقات وپێشێلکاری، دەنگ پڕکردنەوەی نایاسایی، زیندانی کردن و سڕینەوەی ڕیکۆردو شکاندنی کامیرای ڕۆژنامەنووسان، ئازارو ئەشکەنجەدانی نوێنەرو چاودێرانی لایەنەکانی دەرەوەی هەردوو پارتی دەسەلاتدار.
هەروەك لە ناوەندێکی هەڵبژاردن لە کوردستان سوکایەتی و ئازاردانی چاودێرێکی لایەنێك بە دەست هێزەکانی ئاسایشەوە، گەشتە ڕادەی دڕاندنی پەردەی گوێی ئەو چاودێرە! تا بە پەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە، ئەمەیە کە ئەڵێن: پرۆسەکە پاك و بێگەرد بوو؟! بۆیە ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوە مرۆیی و جەماوەرییەکانە بە گشتی و وە بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەیە کە چاودێرێکی بە توانا بن بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناپەسانندانە کە هەناوی هەوادارانی هەردوو لایەنی گرتۆتەوە. وە ئەرکە لەسەرشانیان خولی تایبەت بکەنەوە بۆ بنبڕکردنی پێشێلکاری و تەزویرو خورووقات بۆ نوێنەرو چاودێرانی لایەنە سیاسییەکان.
وە ئەبێت کۆمیسۆنی بالای هەڵبژاردنەکان، هەردوو لایەنی دەسەلاتدار ئاگادار بکات، نابێت دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس، لە ناو ژووری بنکەکان حوزوریان هەبێت، ئەبێت لە دەروەی بنکەی سندوقەکان بن بۆ پاراستنی باری ئەمنی، نەك خۆیان خولقێنەری توندو تیژی بن، وە خالێکی گرنگ تر ئەوەیە کە هەرکەسێك تەنها بۆی هەبێت لەیەك بنکە ناوی هەبێت، چونکە گەر لە چەند بنکەیەك ناوی دووبارەی خەڵك هەبێت، ئەوا ئەبێتە هۆی زۆر بوونی تەزویرو ساختەکاری. وەك لە هەڵبژاردنەکەی پێشوو خەڵکی وا هەبووە لە سێ بنکە دەنگی داوە، چونکە لە هەر سێ بنکەکە ناوی هەبوە.
وە خالێکی تر ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تەزویر، ئەویش ئەوەیە ئەبێت هەموو لایەنێك چاودێرو نوێنەری ئامادە بێت لە سەر سندوقەکان، وە هەوڵ بدرێ کەسانی یاساناس ومافپەروەر بەرپرسی بنکەکان بن، بۆئەوەی میکانیزمی پرۆسەکە بە شێوەیەکی یاسایی بەڕێوە بچێ، وە ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسانیش ئەوەیە کە تا ئەتوانن پەیامنێرو چاودێرێکی زیرەك و لێهاتوو بن بۆ گواستنەوەی هەر پێشێلکاریەك بۆ ڕووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکان.
هیوادارین جارێکی تر ناوی پارێزگاکانی کوردستان نەچێتە نێو لیستی ڕەشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی سەر بە کۆمیسۆنی بالای هەڵبژارنەکان، وەك بەرێز سۆران قەرەداخی بەرپرسی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی لە پرسیارێکی کاك ئازاد یدیق لە تێڤی ی کورد سات کە ئاراستەی بەڕێزی کرد: ئایا ئێمە ناومان چووەتە نێو لیستی ڕەشەوە؟ لە ولامدا وتی: بەڵێ دوو جار ناومان چووەتە ناو لیستی ڕەشەوە، وە هەر لەو مینبەرەوە داوای کرد ئەبێت خۆمان بە دوور بگرین لە تەزویرات، وە کۆمەڵێك یاسامان داناوە بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە،

بە ڕاستی بەلامەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو کە تەزویرات بگاتە ئەو ئاستە زۆرە، کە هەموو یاساو ڕیکۆردێك بشکێنێ، کاتێ چاوپێکەوتنێکی بەڕێز کاك سەعدی ئەحمەد پیرەم خوێندەوە لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 217 لاپەڕە 4 کە بە ئاشکراو بەبێ خۆدزینەوەیەك باس لە دیاردەی تەزویرات و پڕکردنەوەی دەنگەکان دەکات، لە هەردوو دەڤەرەکە بە تایبەتی سۆران و کۆیە وەك دەڵێت: کۆیە چەندە ئەگەر تەزویری تێدا کرابێ، هەموو کۆیە 60 هەزار دەنگی لێدراوە، کۆیەو بالیسان و ئەو ناوچانەی سەر بە کۆیەن 45 - 50 هەزار دەنگدەری دەبێ، ئەگەر تەزویر کرابێ (10) دە هەزار دەنگ تەزویر کراوە، ناوچەی دیانا نزیکەی 300 هەزار کەس دەنگی دابوو، ئەگەر 300 هەزار دەنگدەری هەبێ دەبێ 700 هەزار نفوسی هەبێ، ئەگەر سۆران 700 هەزار کەس بێ، دەبێ هەولێر (5) پێنج ملیۆن کەس بێ!

هەرکەسێك ئەم چەند دێرە بخوێنێتەوە ئەوسا تێدەگات چەندە تەزویرات کراوە! چەندە یاسای کۆمیسۆنی باڵا لە گۆڕنراوە! چەندە ناوی کەسانێك پڕکراوەتەوە کە لە ژیان نەماون! بۆیە مافی خۆیانە نەتەوەیەکگرتووەکان ناوی هەر 3 پارێزگاکەی کوردستان بخەنە ناو لیستی ڕەشەوە.

نازانم بۆ هەردوو دەسەلات دەرسێك لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو وەرناگرن، تاکەی خولی زانستی و یاسایی بۆ ئەندامان و لایەنگرانیان ناکەنەوە، بۆ ئەوەی فێری یاسا ببن و ڕێز لە ڕێنمایەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بگرن، یان هەوڵ بدەن بەرنامەی زۆرترو کاریگەرتر پەخش کەن لە ڕێگەی تێڤێ ی کانیانەوە بۆ نەمانی ئەم ئەتوارە ناپەسەندانە، چونکە ئەم کارو کردەوانە ئەزموونەکەمان بەرەوە هەڵدێر دەبات و لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بانگەشەی دیموکراسی بوونمان بە درۆ دەخاتەوە!